# پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان، ئەگەر "پەرلەمان"یش دەنگی لەسەر بدا، دەبێ هەڵبوەشێتەوە وەلابنرێت!

پرۆژە یاسای رۆژنامە نووسان دوای دوسێ هەفتە تاوتوێ کردن و رەخنە گرتن و نارەزایەتی دەربرین لە بەرامبەری، ئەم پرۆژە یاسایە لە ئاستێکی فراوان و بەریندا رووبەرووی رەخنە و نارەزایەتی توند بووەتەوە، خەڵکی کوردستان دەست لەم خەباتەی خۆیان هەڵناگرن و درێژەی پێ دەدەن تا بەتەواوی وەلا دەنرێت و لەجێگاکەیدا ئازادي بێ قەید و شەرتی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربرین بەرەسمی دەناسرێت.
ئەم پرۆژە یاسایە کە پەرلمانی کوردستان دەیویست بە بێ هەرا بەسەر کۆمەڵگەیدا تێبپەرێنی، و کارنامەی رەشی چەند ساڵەیان لەبەرامبەر ئازادی رادەربرین و ئازادی رۆژنامەگەری بکەنە یاسا ،و هەرچی کۆنەپەرستی و داب و نەریتی دواکەوتوو و دین و پیاوانی دینی و سەرانی ناسیۆناڵزمی کۆنەپەرست هەیە، لەدەستی رەخنەی ئازادیخوازان بپارێزێ. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان وئازادیخوازانی کوردستان گۆرا بۆ یەك گۆرەپانی روو بەرووبوونەوەی نێوان ناسیۆنالیزم و ئازادیخوازان، بوو بەیەك مەسەلەی گرنگ لە کۆمەڵگەدا کە پۆلاریزاسیونی چەپ و راستی گۆمەڵگە پێشان بدات و لەبەرامبەر یەکدا رایان بگرێ.
لەم نێوەدا " دەستەی بەرگری لە ئازادی رادەربرین" دەورێکی زۆر گرنك و پر ئەهمیەتی بینی و توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و بەبێ ئەوەی ئامرازی تەبلیغاتی فراوانیان بەدەستەوە بێت، ئازادیخوازان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و چەندان سیمنار و کۆر و چاوپێکەتن و روون کردنەوە بدەن لەسەراسەری کوردستان دا و کارەکانیان درێژە پێ بدەن ، لە دەیان ماڵپەر و رۆژنامە دا بڵاو کردنەوەو راگەیاندنەکانیان بڵاو بکەنەوە، سکۆیکی گرنگ پێك بهێنن بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم هەوڵە کۆنەپەرست و دژی ئازادییەی ناسیۆناڵزمی کورد.
هەراجخانەی پەرلەمانی کوردستان کە نمایندەی ناسیۆناڵزمی کورد و عەشیرەت و پیاوە دینیەکانی کودستانە، لە ژێر رەخنەو نارەزایەتی و خەباتی ئازادیخوازان و قەڵەم بەدەستانی ئازادیخوازدا و لە ریزی پێشەوەیاندا " دەستەی بەرگری لە ئازادی رادەربرین" دا تووشی سەرەگێژی و ناکۆکی دەروونی بکەن.
مێژووی حەڤدەساڵەی رابردووی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان  بێجگە لە سەرکوت و کوشت و کوشتار و مەحروم کردنی خەڵك لەسەرتایی ترین مافەکانیان و گەندەڵیان هیچ شتێکان بۆ خەڵکی کودستان نەکردووە، لەبەرامبەر ئازادی رۆژنامە نووسی و ئازادي دەربرین و قەڵەم دا هەمیشە رێگر و بەربەست بوون ئەوەندەی بۆیان کرابێ رۆژنامەیان داخستووە و قەڵەم بەدەستانیان زیندانی کردووەو راوناوە. بۆیە هەر نەرمی نواندنێك بە پەرلەمان و پەرلەمان تاران ئەم بزووتنەوەیە لە بەردەم خەتەریلە بارچوون دادەنێت و ئاسۆکەی لێڵ دەکات، پەرلەمانتاران نەك بەشێك نین لە ئیعتراز بەرووی سەرکوتی ئازادی و ئازادی رادەبرین و" دەنگی نا بەو پرۆژە یاسایە" نین وەك لە بەیانامەی "دەستەی بەرگری لە ئازادي رادەربرین" دا هاتوە ، بەڵکو ئەوان هەمیشە لەدژی خەڵکی کوردستان یاسا و دەستورێکیان داناوە سەرتاپا کۆنەپەرست و لێسەندنەوەی ئازادی بووە ، ئەمانە هەموویان دەنگیان بە دەستووری ئیسلامی عێراق داوەو لاریەکیان لێی نیە.

پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هەمیشە لە دژی بەرژەوندیەکانی خەڵك ڕاوەستاون ئەم پرۆژە یاسایەش هەنگاوێکە بۆ خەفە کردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك و داسەپاندنی سەرکوت و زەوت کردنی ئازادیە سیاسیەکان، دەربڕینی وەك "پشتیوانی" لە ئەندام پەرلەمان لە بەرژەوندی ئازایدخوازاند نیە، سنوور بەندی نێوان بزووتنەوەی دیفاع لە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین لەبەرامبەر حکومتی هەرێم و پەرلەماندا لێڵ دەکات.
ئێمە بەم بەیانە بانگەوازی سەرجەم ئازادیخوازان و قەڵەمە ئازادەکان و " دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین" دەکەین، کە بە هیچ هەڵچوون و داچونێکی ناو پەرلەمان خەباتی خۆیان کاڵ نەکەنەوە لە دژی پەرلەمان و هێزی ئێمە لەناو جەماوەرو لەسەر جادەکان و شارو شارۆچکەکاندایە، بە هێزی جەماوەری بەرین ئێمە دەتوانین نەك تەنها فراواترین ئازادی بەسەر برجوازی و ناسێونالیزمی کوردا داسەپێنین و ئەم پرۆژە کۆنەپەرستە تێك بشکینێن، بەڵکو ئەگەر ئەم پەرلەمانە گەندەڵە ئەم پرۆژەیە بکاتە یاسا ئێمە بەم هێزە دەتوانین هەڵی بوەشێنینەوە و ئازادی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەدا فەراهەم بکەین،و بۆ دامەزراندنی دنیایەکی ئازاد و یەکسان و خوشگوزەران هەنگاو هەڵبهێنینەوە.

**بژی ئازادي ڕۆژنامەگەری**
**بژی سۆشیالیزم**
**حزبي کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
**2007\12\4**